# Peyam

ژمارە (٦٩) | یەك شەممە | ٢٩ی رەبیعی دووەم/ ١٤٣٢ | ١٤ی نەورۆزی ٢٧١١ | ٢٠١١/٤/٣



با وەك بەهار مامەڵە بکەین ل » ٥

تاوانی دڵ پیسی ل » ٩


گۆزە

# بەردەرکی سەرای ئازادی هێورکەنەوە



سەرنووسەر

باشی و خراپی خۆپیشاندان کاریگەری نەرێنی بەسەر مامۆستایانی ئایینیشەوە بوو، رۆژنامەی چاودێر پێی وایە تازە مونافەسەو شەری مەلایان دەستی پێکرد، بەڵام دنیایەك سوپاس بۆ مامۆستا محەمەد نەسروڵاو مامۆستا مەلحەم، ئەو خەونانەیان پوکاندەوە، کە شەری مامۆستایانی ئایینیان پێخۆش بوو.

بگرە ئەو خیتابە کاریگەری بەسەر وتاری هەینیشەوە هەبووە، بۆیە هەندێك جار وتارەکان کاریگەری لایەنی سیاسی بەسەر وتارو قسەکانەوە هەبووە، هەر یەکەو بە پێی بیرکردنەوەی سیاسی خۆی، کە هەندێك جار خۆیان لە قەرەی تەماشاکردنی دادپەروەرانە نەداوە.

بۆیە تا چیتر ئەو جیاوازییە کۆمەڵگا شەق نەکاتو، بەرەو چەند لەتی نەبات، پێویستە ئەو دۆخەی سلێمانی هێور بکرێتەوە، کە پێم وایە ئەو گفتوگۆیانەی ئێستاکە هەن هەنگاوێکی ئیجابییە، دەستەڵاتدارانی هەرێمیش وتارەکانیان شتی باشی تێدا بووە، بەڵام دۆخەکە هێور نابێتەوە، تا ئەو قسانە نەکرێنە کردارو، خەڵك بە چاوی خۆی هەنگاوەکانی چاکسازی نەبینێت، بۆیێ پێویستە حکومەت، کە باوکی میللەتە لەجیاتی دەستگیرکردنی مامۆستایانی ئاینی هەر زوو دەست بکات، بە چەند هەنگاوێکی کردەیی بۆ ئەوەی چیتر ئەو لەتبوونە پەرە نەسێنێتو، ئەو خەڵکەی بەردەرکی سەرای ئازادی سلێمانیش لە نێو ئەو دۆخە ناخۆشە نەمێننەوەو، ژیان بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

مامۆستایانی ئایینیش هیوادارین هەر بەو گەورەییە بیربکەنەوەو، نەهێڵن، کەس (جا هەر لایەنێك بێت) بۆ مەرامی سیاسییان بەکار بهێنێتو، خەریکی رەدو رەدکاری بن، کە دەرەنجام هەر خۆمان زەرەر دەکەین..

# نهێنی ئایەتی (وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ)



بەپێی زانستی پزیشکی ئەو نەخۆشانەی، کە زۆر لەسەر جێگا دەمێننەوە بەهۆی تووش بوونیان بەنەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەك: شکانی حەوزو فەقەراتی پشتو شەلەل بوون... هتد، پێویستە بۆ ماوەیەکی زۆر، کە جاری واهەیە چەندان مانگ دەخایەنێت دەبێت لەسەر پشت درێژبن، یەکێك لە زیانە هەرە گەورەکانی ئەم ماوە زۆرە مانەوە نەخۆشیەکە بەناوی برینی سەر جێگا (قرحە سریر)، چونکە پێستو شانەو گۆشت دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆی ئێسك لەناوەخۆدا.

ئەم پاڵەپەستۆیەش وادەکات شانەکان زوو بمرن بەمەش جاری واهەیە برینی زۆر گەورە دروست دەبێت، بۆیە پزیشکان ئامۆژگاری کەسانی نزیك لە نەخۆش دەکەن، کە هەموو دوو سەعات جارێك ئەملاو ئەولایان پێ بکەن، چونکە گەر بێتو زیاتر لەدوانزە سەعات هەر لەسەر پشت بێت ئەوا برین لە پێستی دروست دەبێت.

ئەمەش هیچ چارەیەکی نییە جگە لە زوو زوو جوڵاندنی نەخۆش بەلای ڕاستو چەپیدا بۆ دوور بوون لەم برینە، خوای گەورە بەر لە (١٤٠٠) ساڵ ئەم زانیاریەمان پێدەدات لەکاتێکدا باسی یارانی ئەشکەوت دەکات لە قورئانی پیرۆزدا، کە چۆن نزیکەی (٣٠٠) ساڵو چەند مانگێك یارانی ئەشکەوتی خەواندووەو بەزیندوویی هێشتونیەتەوە. زۆر بەڕونی دەفەرموێت: (وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ)، لەبەر ئەوەش بووە ئەو ماوە زۆری ئەوان ماونەتەوە بێ هیچ برینو نەخۆشیەك بووە.

# لەکاتی سوتاندنی قورئان وشەی (الله) نامێنێت!!




لەیەکێك لەناوچە گوندنشینەکانی پارێزگای قلیوبیەی سەر بە وڵاتی میصر چەند منداڵێك لەکاتی بێ ئاگایی دایکیان قورئانی پیرۆزیان دڕاند، بەڵام دوای سەیرکردنی پەڕەکانی دەرکەوت، کە لە هەر ئایەتێك ناوی خوای تێدا هاتبێت ناوی پیرۆزی لەو شوێنە نەماوە.

دایکی ئەو منداڵانە ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو مامۆستایە لە ئەزهەرو لەکاتێك تەنها بۆ یەك سەعات منداڵەکانی بەتەنیا جێهێشتووە چووە بۆ کڕینی هەندێ پێویستی لەماڵ، دوای گەڕانەوەی سەیری کردووە منداڵە بچوکەکانی قورئانی پیرۆزیان پارچە پارچە کردووە، سەیر لێرەدا ئەوەیە کاتێ سەیری پەڕە دڕاوەکان دەکات ناوی خودا بەهیچ شێوەیەك لە پەڕە دڕاوەکاندا نەماوە.

ئەم مامۆستایە سەر سوڕمانی خۆی دەردەخاتو دەڵێت: هەرچەند من مامۆستام بەڵام بەدەیان جار خوێندمەوە وام هەست کرد من بە هەڵە دەیخوێنمەوە ئەو پەڕانەی زۆر دڕابوون بەتایبەتی بەشی سورەتی (الممتحنة والصف) بوون، بەڕاستی لەوساتەدا ئەو ئایەتە پیرۆزەم هاتەوە یاد: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)، ئینجا ترسو خەمی دڵم ڕەویەوە.

# موفتی روسیا داوا لە وڵاتەکەی دەکات وانەی ئیسلامی بخوێندرێت



لەنووسراوێکدا کە ئاراستەی لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتی وڵاتەکەی کردووە، موفتی روسیا بەرێز (تالجت تادزیدین) داوای کردووە، ناوەندێکی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان بکرێتەوەو حکومەتیش کارئاسانی بۆ ئەو هەنگاوە ئەنجام بدات.

لەلێدوانێکیشی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەو وڵاتە موفتی ناوبراو رایگەیاندووە، کە ئامانج لە کردنەوەی ئەو نێوەندە بۆ خوێندنی وانەی ئیسلامی بۆ ئەوەیە چیتر قوتابیانی موسڵمان نەچنە دەرەوەو هەر لەناو وڵاتی خۆیان ئەو دەرفەتەیان بۆ برەخسێو پسپۆریەتی لەئایینی ئیسلام وەربگرن.

لەدرێژەی قسەکای گوتیشی: ئەو ناوەندە گرنگییەکی باشی هەیە بۆ روسیاو شارەزاکردنی رۆڵەکانی ئەو وڵاتە بەفەلسەفەی ئیسلامەوە، لەلایەکی تریشەوە پێویستمان بەوە نابێ کەسانێ لەدەرەوە بێنین بۆ شیکردنەوەی هەندێ لەو مەسەلانەی پەیوەستن بەئیسلامەوە.

ئەو هەنگاوەی موفتی روسیا بۆتە جێگەی دڵخۆشی موسڵمانانی ئەو وڵاتەو زۆرێك لەو قوتابیانەی لەزانکۆکانی دەرەوەی ئەوە وڵاتە پشتگیری خۆیان بۆ ئەو دەستپێشخەریەی موفتی وڵاتەکەیان دەربڕیوە.

# یاریزانێکی تۆپی پێ دوای موسڵمان بوونی: به قورئان سەرسامم

هەفتەی رابردوو لەشاروچکەی (زۆفینگین) لەسویسرا، لەبەردەم زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە ئامادەبوانی ئاهەنگی خەڵات بەخشین بەسەر کۆمەڵێك لەقورئان خوێنانی جیهاندا، (نیناد یەفتیتچ) یاریزانی بەناوبانگی وڵاتی (سڕبیا) کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی سویسڕایە، موسڵمانبوونی خۆی راگەیاند.

ئەمەو دەزگاکانی هەواڵو راگەیاندن بڵاویانکردەوە: کە (نیناد) هەر لەئاهەنگەکەدا ناوی خۆی گۆڕی بۆ (یوسف)و، بۆ راگەیاندنیش باسی لەوە کردووە: کە هۆی سەرەکی موسڵمانبوونی قورئانی پیرۆزەو، گوتویەتی: (زۆر بە قورئان سەرسامم، هەرچەندە زۆر دەیخوێنمەوە، بەڵام تا دێ کاریگەری زیاتر دەبێ لەسەرمو، زۆر ئاسودەم پێی).

شایانی باسە: (یوسف یەفتیتچ) پێشتر



یاریزانی یانەی (ئەستێرەی سوور)ی وڵاتی سڕبیا بووەو، ئێستا بەڕێوەبەری یانەیەکی تۆپی پێیە لە سویسڕا.

# یەمەن: لەدایك بوونی منداڵێك بە چواردەستو سێ پێ



بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (بیضاء اون لاین) لەحاڵەتێکی دەگمەندا ئافرەتێکی (٢٠) ساڵان منداڵێکی چواردەستو سێ پێی دەبێت.

لەناوچەی (ئال یسلم)ی سەربە پارێزگای (بیضاء)ی وڵاتی یەمەن منداڵێك لەدایك بووە، کە لەلای چەپیەوە سێ دەستو لەلای ڕاستیشیەوە دەستێکی هەیە وە لەبەشی خوارەوەشی لەلای ڕاستی دوو پێی هەیەو لەلای چەپیشی پێیەکی هەیە، ئەم منداڵە یەکەم منداڵی ئەو ئافرەتە یەمەنیەیە.

ئەم حاڵەتە دەگمەنە لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی شاری (رداع) ڕوویداوە، بەپێی هەواڵی پزیشکانی ئەو نەخۆشخانەیە ئەم منداڵە تەنیا (٢٤) کاتژمێر ژیاوەو ئەم ئافرەتەش ئەم منداڵەی بە نەشتەرگەری گەورە بۆ کراوە هەرچەندە ئەو منداڵە کاتی لەدایك بوونی بەوپەڕی تەندروستیەوە هاتۆتە دونیاو پزیکی تایبەتی ئەو ئافرەتەش دەڵێ: کێشی ئەو منداڵە (٣)کیلۆ دەبوو، کە ئەمەش کێشێکی سروشتیەو، ئەمەش یەکەم نەشتەرگەری لەوجۆرەیە لەو نەخۆشخانەیە ئەنجام بدرێت.

# مزگەوتێکی گەورە لە هەرێمی تیومنی روسیا کرایەوە

بەپێی هەواڵێکی نوێ لەمانگی سێی ئەمساڵدا لەشاری (لانجیلاس) ی سەر بەپارێزگای (خانتی) لەهەرێمی (تیومن)ی وڵاتی ڕوسیا بەهەوڵی ماددی کارگەی نەوتی (لوك ئۆیل) مزگەوتێکی گەورە لەو شارە بنیاتنراوەو بەڕووی ئیسلامخوازاندا دەکرێتەوە.

بڕیاریشە بۆ ڕۆژی کردنەوەی مزگەوتەکە پارێزگاری (ناتالی کۆمارۆفا)و سەرپەرشتیارانی کارگەی نەوتی ناوبراو لەوێدا ئامادەبنو ئەمەش جێگای خۆشحاڵیە بۆ موسڵمانانی ئەو وڵاتە.

(وحید الیکبیرۆف) خاوەنی کارگەی نەوتی (لوك ئۆیل) ئاماژەی بەوەدا، کە لەساڵی ڕابردووش بەبۆنەی ساڵ ڕۆژی کارگەی نەوتو غاز وە (١٥) ساڵەی دامەزراندنی شەریکەکەیان لە شاری (بلانجیلاص)ی خۆرئاوای (سیبریا) مزگەوتێکی گەورەی لەو شارە بنیاتناوە.

# لەدهۆك ئافرەتێك چوار منداڵی بوو

ئافرەتێك لەنەخۆشخانەی ئازادی شاری دهۆك چوار منداڵی بوو، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش رایدەگەیەنێ کە ڕەوشی تەندروستی هەر چوار منداڵەکە ئاساییە.

رۆژی ٣/٢٥ لەنەخۆشخانەی ئازادی شاری دهۆك، ئافرەتێکی دانیشتووی شارۆچکەی (تەلعەفەر)ی سەر بەشاری (موسڵ) دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەکەو ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی (٤) منداڵی بوو.

لەمبارەیەوە "دکتۆر تەلال رەشید شنگالی" جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئازادی لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی "پەیامنێر"ی راگەیاند، نەشتەرگەرییەکە لەلایەن دکتۆرە "بەناز" بە سەرکەوتووی ئەنجامدراوە و ئێستا رەوشی تەندروستی هەرچوار منداڵەکەو دایکیشیان ئاساییە.

"دکتۆر تەلال شنگالی" هەروەها وتیشی: ئەمە دووەم حاڵەتە لەو مانگەدا لەنەخۆشخانەی ئازادی تۆمار دەکرێتو لەرێکەوتی ٣/١٦ ئافرەتێکی دیکەش لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە چوار منداڵی بوو، بەڵام بەداخەوە یەکێکیان گیانی لەدەستدا.

لەبارەی ئەو دوو حاڵەتە، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئازادی رایگەیاند، لەڕووی تەندروستییەوە ئاساییە ئافرەت چەند منداڵی ببێت.

# ئیسلام لە میسر سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە




ئەنجومەنی باڵای هێزە چەکدارەکانی میسری، رۆژی چوارشەممە رایانگەیاند: مادەی دووی دەستووری ١٩٧١ وەکو خۆی مایەوە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئیسلام ئایینی رەسمی وڵاتی میسرەو، زمانی عەرەبیش زمانی رەسمیەو، شەریعەتی ئیسلامیش سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە.

ئەمە لەکاتێکدا، کە ئایینەکانی دیکەش سەربەستن حوکم بە شەریعەتی خۆیان بکەن، ئەم باسەش لەگەڵ بابا شنۆدە باس کراوە.

# لە ئەمریکا قورئان سووتێندرا



رۆژی ٢٠١١/٣/٢١ قەشەیەکی ئەمریکی لەکلێسایەکی ئەمریکا هەڵستا بەسووتاندنی قورئانی پیرۆز، لەکاتی سووتاندنەکە دەیگوت: ئەو کتێبە مەسئولە لەکۆمەڵێك تاوان.

قەشە واین ساب هەڵستا بە سواتنندنی قورئانی پیرۆز


بۆ ل١١